# بەر لەمەغریب

## عادل عەلی

نەكەن لەسەر باڵی پەپولەیەك

دەمەو مەغریب رووەو ئێرە

سەرهەڵگرن

هێشتا خێڵی خۆشنود لەخەوی

دوای رەوەندێكی بێ كۆتایی

نەبۆتەوە

نەكەن رێ كەن روو لەشەماڵی

نسێیەك

گەرمێن پڕ ئۆقیانوسێك

دورەو

بەكەس ئەو دوورییە ناتوێتەوە

★★★

نەكەن كچ گەل

ئێرە بزنەڕێی

ئەو ئاقارەیەو ناتباتەوە

سەر رۆحی ئەو

پەپولە كوژراوەی

جەستەیان مۆمیاكرا

ئەوە رۆحی ئەو پاسارییە نەبوو

لەسەر تەختەی تیاترۆخانەكانی

ئێرە نمایشكرا

★★★

ئەو ئێوارە لارە ملەی ئێرە

چەند بێ گوناه سور هەڵگەڕا

نا ئیدی ناچینەوە

سەر تاتە شۆری ئەبەدیەت

تاتە شۆرەکانی ئێرە

لەجەستەی خۆمان

هەڵ قەنراوەو لە

تۆ ئەچێ

تۆ بۆنی مەرگی پێش کۆتایی

پایزێکت لێ دێ

کە گوڵە رەشەکانی لەخۆشی

مەرگدا بەو پایزە سەوزبوەتەوە

سەوزبوونی ئێمە ئاماژەی

نەهاتنی پایزێکی بێ وەخت نییە

★★★

گوێ رادێرە لەدەنگی

شەقەی باڵی پەپولەیەك

کە شەلاڵی بیستنی

گوتارە حەماسیەکانی

ئێرە جەستەی

سیخناخ کردووە

وەرەو مەرۆ

ئیدی بیستن

حەوسەڵەی تەماشاکردنی

لەدەستداوە

وەرەو م...ە...ڕ...ۆ